

# شاخی گایەک (مەتر)ێک زیاترە

ئەم (گا)یە خاوەن درێژترین و گەورەترین شاخە، لە وڵاتی کەنەدایە ....
لە بچووکییەوە وەک هەر گوێلکێک گەشەی کردووە، تاوەکو گەیشتۆتە ئەم کاتەی ئێستا کە شاخی بەم رادەیە درێژە، هەر شاخێکی درێژییەکەی دەگاتە مەترێک و ١٠سەنتیمەتر، پانایی دەگاتە ٣٠ سەنتیمەتر، واتە هەردوو شاخ دەگاتە (٢)مەتر، بەڵام گایەکی هار نییە و زەرەری بۆ کەس نییە.. بە هیچ شێوەیەک شەڕ لەگەڵ گیانداری دیکە ناکات، هەروەها مرۆڤی زۆر خۆشدەوێت و بە تایبەت منداڵ، هەرچی لەگەڵی بکەن پێیخۆشە و کاردانەوەی توندی نییە لەسەر هیچ کەسێک...

## باوەشێک ٥٠٠٠ ساڵی خایاند

چەند زانایەکی شوێنەواری وڵاتی ئیتاڵیا، ئێسقانی دوو کەسیان دۆزییەوە کە بەشێوەیەک دیاردەکەون لە (باوەشی یەکترن)..
ئەم دوو باوەشگەرە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠)ساڵ لەمەوبەر، ئەم دوو باوەشلێگەرەش کە مردوون تەمەنیان لە گەنجێتی بووە.. ڕەگەزیان پیاو و ژنێکە، ناشزاندرێت کە بە هۆی چییەوە مردوون.
بۆیە بە گەورەترین چیرۆکی خۆشەویستی جیهانی دەناسرێت و دوای چەندین پشکنین بۆیان دەرکەوتووە کەوا، لە کاتی کارەساتدا باوەشیان لە یەکتر گرتووە و تا ئەو کاتەی دۆزراونەتەوە هەر لە باوەشی یەکتر بوونە..







# خراپترین خەڵات بۆ شارۆنستوون

ڕەخنەگرانی بواری سینەمای ئەمەریکی، خەڵاتی خراپترین ئەکتەریان بە کچە هونەرمەند (شارۆستوون) بەخشی.. ئەمەش لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتی (رازیاس) – Razzias بە تایبەت بۆ رۆڵی لە فیلمی (حەزە سەرەکییەکە)، ئەمەو چوار خەڵاتی دیکەشی وەرگرت لەوانە (خراپترین ئەکتەر- خراپترین نمایش- خراپترین فیلم)، بۆیە چوار خەڵاتی تەواوی وەرگرت، هەروەک چۆن باشترین خەڵات هەیە، بەم شێوەیەش خراپترین خەڵات بە (شارۆنستوون) درا...
ئێستاش تەمەنی شارۆنستوون گەیشتووەتە نێوان٤٥ تا ٥٠ ساڵی تەمەنی، بۆیە لەم تەمەنە ئەم خەڵاتە وەردەگرێت..

## دەربارەی ئافرەت و تۆپ

لە سایتێکی عەرەبی بەم شێوەیە جیاوازی و لێکچوونی نێوان ئافرەت و تۆپ کراوە:...
- ئەو ئافرەتەی تەمەن ژێر (١٨) ساڵە واتە، وەک تۆپی پێ وایە هەموو کاتێک (٢٢) کەس لە دوایەتی و بۆی دەچێت..
- ئەو ئافرەتەی تەمەنی لە (١٨ تا ٢٨)ە، وەک تۆپی سەبەتە وایە کە (١٠)کەس لە دوایەتی و بۆی دەچێت..
- ئەو ئافرەتەی تەمەنی لە (٢٨ تا ٣٨)ساڵیە، وەک تۆپی (گۆلف) وایە تەنیا یەکێک یاری لەگەڵ دەکات و بۆی دەچێت..
- ئەو ئافرەتەی لەم تەمەنە بەرەو سەرەوەیە واتە لە (٣٨ تا....)، وەک تۆپی تینس وایە هەریەکە لە خۆی دوور دەکەوێنێتەوە و بۆ یەکێکی دیکەی دەهاوێژێت...



## وێنەیەک بە (٦)ملیۆن دۆلار

ئەم وێنەیە بە (٦)ملیۆن دۆلار فرۆشراوە، ئەوەی نەزانێت دەڵێ، وێنەی منداڵێکە بۆ دایکی دەگرێت...
بەڵام راستەقینەی ئەم وێنەیە، منداڵێکی ئەفریقییە بۆ دایکی دەگرێت و نازانێت کە دایکی مردووە، مردنی دایکشی لە ماندووبوون و برسیەتییە.. لەم کاتەی ئەم وێنەیە گیراوە، ئەو منداڵە لە برسان بۆ دایکی دەگرێت بۆ ئەوەی هەڵبستێتەوە شتێکی پێبدات...